وەزیری ناوخۆ دەرکردنی 153 ئەفسەر لە خزمەتکردن ڕاگەیاند

ئەمڕۆ سێشەممە، وەزیری ناوخۆ، عەبدولئەمیر شەمەری، دەرکردنی 153 ئەفسەر و 899 ئەندامی لە خزمەتکردن ڕاگەیاند، هاوکات کارەکانی پشتڕاستکردەوە بۆ کۆتاییهێنان بە مامەڵەکردن لەگەڵ ناسنامەی کاغەزی و ڤیزای ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ بۆ بیانییەکان بەم زووانە. شەمەری لە دیدارەکەیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانیەکان و بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕایگەیاند: 153 ئەفسەر و 899 ئەندام بە بڕیاری دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ساڵی 2023 دەرکراون“. ئاماژەی بەوەشکرد "کە33 ملیۆن و 200 هەزار عێراقی ناویان تۆمارکردووە و کارتی نیشتمانییان وەرگرتووە، وجەختیشیکردەوە، "کاردەکەین بۆ ئەوەی لە ساڵی 2025دا کۆتایی بە مامەڵەکردن بە ناسنامەی کاغەز بهێنین، هەروەها ڤیزەی ئەلیکترۆنی بۆ بیانییەکانیش بەم نزیکانە جێبەجێدەکرێت". شەمەری لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "بەم زووانە ڕادارە خێراکان بۆ ڕێگای خێرای یوسفیە، ڕێگای خێرای ئەلدۆرا - بەغدای نوێ، و ڕێگای خێرای ئەلشوالە دەبەسترێتەوە"، ئاماژەی بەوەشکرد کەئەو تاقیکردنەوەی پێنج گڵۆپی زیرەکی هاتوچۆ لە بەغدا بۆ تەواوی لە کەرخ و روسەفا دەبێت. هەروەها راگەیاند "بەرگری شارستانی لەماوەی ئەمساڵدا دەستیکردووە بە دروستکردنی 100 ناوەندی بەرگری شارستانی و زیاتر لە 130 بزوێنەری ئاگرکوژێنەوەی،

وناوەندێکی مەشق و ڕاهێنانمان بۆ بەرگری نیشتمانی دامەزراندووە". جەختیشی کردەوە کە لە %98ی قاچاخچێتی نەوت و وەرگیراوەکانی نەوت نەهێڵراوە، هەروەها سندوقێک دامەزراوە و پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەڕێگەی ڕسومات و هاوردەکردنەوە دەستپێ دەکرێت، ئاماژەی بەوەشکرد، "37 هەزار پۆلیس گرێبەستیان لەگەڵ کراوە بە مووچەی 500 هەزار دینار بۆ ماوەی 3 ساڵ لە ماوەی ساڵی 2023دا.“